

# تۆواو

د . ئەفرام محەمەد حەسەن
★ خوێندکاری دکتۆرا لە پزیشکی دەرونی
Afram_afram @yahoo.com

## بەشی یەکەم

● سیمین یان تۆواو شلەیەکی سپی چلّکنە (تەڵخە)و لە ماوەی سی خولەکدا ڕووندەبێتەوەو بۆنی ماددەی کلۆرینی لێدێت، تامەکەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت، بەپێی بڕی پێکهاتەکانی ڕەنگە تامی شرین بێت، بەهۆی بوونی ماددەی فرەکتۆز، یان سوێر بێت. تۆواو لەلایەن گونەکانەوە دروستدەکرێ‌و هەردوو گون لە یەك ئاستدا نین، ئەوەی چەپیان لە خوارترە، ئەمەش بەسوودە تاکو لەکاتی ڕۆشتن یان دانیشتندا نەپەسترێنەوە.

گونەکان دوانن دەکەونە ناو تورەکەی هەڵگری گونەکان بەهۆی بەربەستێکەوە لێك جیادەبنەوە تاکو ڕێگربێت لە گواستنەوەی هەوکردن لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر.
گون لە شێوەی هێلکەدایە، بەهۆی بەستەرە شانە (Connective Tissue)، هەریەکەیان دەبێت بەنزیکەی (250–300) لوبیولی پێچاوپێچ ( Wedge-Hoped lobule) کە هەریەکە لەم جۆگە بچوکانە (1–3) جۆگەی بچوکی هەڵگری سپێرمی تێدایە. کە سپێرم لەوێدا دروستدەبێت. لەنێوان جۆگەی هەڵگری سپێرمەکان کۆمەڵە خانەیەك هەیە کە پێیدەڵێن (خانەکانی لایدگ) (Cells Lending)* کە سەرچاوەی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆنە. جۆگەی هەڵگری سپێرم ڕێڕەوێکی تەسکی هەیە کە بە رووپۆشێکی ئەستوور داپۆشراوە، کۆمەڵێك خانەی درێژی تێدایە پێیدەڵێن خانەکانی سێرتۆلی* (Sertoli cell)* کە پاڵپشتی جێرمە خانەکانە.
پلەی گەرمی کیسەی هەڵگری گونەکان یەك پلەی سەدی لە پلەی گەرمی لەش نزمترە، هەر بەرزبوونەوەیەك لە پلەی گەرمی کیسەی هەڵگری گونەکان (Scrotum) یان پلەی گەرمی گونەکان کاردەکاتە سەر توانای دروستبوونی سپێرم، ئەم حاڵەتە زیاتر لەو کەسانەدا هەیە کە گونیان دانەبەزیوەو نەهاتۆتە خوارێ بۆ ناو کیسەی گونەکان یان ئەو کەسانەی حاڵەتی (Varicocele)، واتە کیسەی ئاوییان هەیە.

زیاتر لە هۆکارێك هەیە کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی گونەکان وەکو حەمامی گەرم، تەسك‌و توندی پۆشاکی ژێرەوە یان پێکهاتنی لە ماددەی نایلۆن. یان بەهۆی هەوکردنی گونەکان.

هەروەها هەندێ دەرمان هەیە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی سێکسی‌و کاردەکاتە سەر ڕادەی دروستبوونی سپێرم، لەوانە هەندێ لە دەرمانەکانی:–

دژە فێ، دژە سایکۆسسەکان، هەندێ دەرمانی دژی بەرزی پەستانی خوێن، چارەسەری کیمیاوی کە بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردێ.

گۆڕانی ڕەنگی تۆواو بۆ سوور، مانای بوونی خوێنە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە جێی مەترسی بێت، ڕەنگە ڕۆژێ بۆ دوو ڕۆژ بخایەنێ‌و پاشان نەمێنێ، گەر لەوە زیاتری خایاند، وا پێویست دەکات سەردانی پزیشك بکەیت. ڕەنگی سەوزو زەرد مانای هەوکردنەو ڕەنگە نەخۆشی گۆنۆریا (سوزەنك) بێت یان بەهۆی هەندێ خواردنەوە کە ماددەی کارۆتینی تێدایە وەکو گێزەر.

گەر ڕەنگی ئاوی بێت ڕەنگە هۆکەی گەڕاندنەوەی تۆواو بێت بۆ ناو میزەڵدان یان هەوکردنی پرۆستات بێت.

هەر هاویشتنێك لەنێوان (40–600) ملیۆن سپێرمی تێدایەو پشتدەبەستێت بە بڕی تۆواوو بەتێپەڕبوونی تەمەن بڕو ژمارەی سپێرم کەمدەبێتەوە.

بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)، دەبێ سیمین (تۆواو) ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێ، ئینجا بەئاسایی دادەنرێ:–

بڕی تۆواو : (2–5 سی سی)

کاتی شلی (ماوەی بەشلی مانەوە) : (30 خولەك)

چڕی: (20 ملیۆن ) سپێرم/ 1 یەك سی سی، جوڵە: زیاتر لە (50٪ ) توانای جوڵەیان هەبێ.

شێوە: زیاتر لە (30٪ ) ئاسایی بێت. خڕۆکەی سپی: کەمتر لە (1 یەك ملیۆن )/ 1 یەك سی سی.
هەروەها پیسبوونی ژینگە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر ژمارەی سپێرمەکان، زۆربوونی ژمارەی ئەو پێکهاتە کیمیاوییانەی کە لە بواری کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنرێ‌و ئەو پێکهاتانەی بۆ لەناوبردنی مارو مێروو، تەنانەت بۆ لەناوبردنی مرۆڤیش بەکاردەهێنرێ‌و زیاتر لە شوێنێکدا بەکارهێنراوەو ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لە بواری پیشەسازی پترۆکیمیاویدا بەدەستهاتووەو ئەو کارەساتە سروشتی‌و دەستکردانەی لە جیهاندا ڕوودەدات‌و لە ئەنجامدا ڕووبەرێکی گەورەی دارستانەکان دەسووتێن‌و ئاوی کەنارەکان پیسدەبن بەهۆی تێکشکان‌و ئاگرکەوتنەوە لە نەوتهەڵگرەکاندا کە بەجارێ سەدەها هەزار بەرمیل نەوت ڕووی دەریا دادەپۆشێ‌و پاشماوە زۆرو ترسناکەکانی چەکی ئەتۆمی کە وڵاتە زلهێزەکان لە جیهانی سێدا فڕێیدەدەن، شەڕی بەردەوام لە ناوچەکانی جیهانی سێ‌و ..........هتد، ئەمانە هەمووی‌و گەلێ هۆکاری تر بوونەتە هۆی:پیسبوونی ئاو، هەوا، خواردەمەنی سەوزەو میوە، شیری دایك، تەنانەت ئەو ژینگەیەی منداڵ لە سکی دایکیدا تێدا دەژی وەکو جاران نەماوەو پیسبووە..!